# هەنجەڵێک پاپراخ بە {18} هەزار دینار

**فەخرەدین تاهیر**

لە وتاری پەیامنیرێکی سەرخۆشدا باسم لەوە کردبوو، بەگوێرەی کات هەوڵدەدەم هەر جارێک سەربردەیەک کە لەو سەفەری ئەو دوایەمدا لە هەولێر گوێبیستی ببووم بنووسمەوە.

ئەوەی شیاوی باسە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی 1991کە لە باشووری کوردستاندا سەریهەڵدا و دوای ئارام بوونەوەی ڕەوشەکە لەو دەڤەرەدا هێدی هێدی هەندێک کوردی ئەورووپا گەڕانەوە بۆ کوردستان ، لە دەستپێکی گەڕانەوەکە دا زێدەتر ئەندامی حیزبە کوردییەکان بوون ، کە بە فەرمانی حیزبی گەڕانەوە بۆ کوردستان، دواتریش خەڵکانێکی دیکە گەڕانەوە گوایە بەنیاز بوون لە زانکۆکانی کوردستان وەک مامۆستا خزمەت بکەن و هەندێک لەوانە لە شاری هەولێر گیرسانەوە. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت ئەم جۆرە کەسانە ناڵێم هەر هەموویان بەڵآم کەسانێک کە لە بنەڕەتدا کە بەنیازی گیرفان تژی کردن گەڕابوونەوە نەک خزمەت کردن،

ئەوەی شایانی گووتنە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئەم جۆرە کەسانە هەردەم ( کەوچی هەموو مەنجەڵێک ) بوون. بە بیرم دێ لە جەولەی دووەمی شەڕی ناوخۆ دا کە ناو شاری هەولێری گرتەوە و دواتریش شەڕەکە بە گرتنی هوتێلی شیراتۆن کە بارەگای دەزگای ڕاگەیاندی ڕۆشنبیری گولآنی لێ بوو بە کۆتا هاتوو و سەرتاپای شاری هەولێر کەوتە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارەکانی [ ی . ن . ک] و لە ڕێکەوتی 17.1.1995 دا جەلال تالەبانی بەبۆنەی گرتنی هەولێر و دەرپەڕاندنی هێزەکانی پارتی لەناو هەولێر ، تالەبانی نەفیرعامێکی دژ بە پارتی ڕاگەیاند. ئەز لێرەدا ناخوازم کۆنە برینەکان بکولێنمەوە ، بەڵآم تەنیا ویستم ئاماژەیەک بە ڕووداوە تاڵ و جەرگبڕەکانی کوردستان بدەم و ئەوجا بچمە نێو هەندێک باس و خواسی دیکەوە کە بریتیە لەمانە :

دوای ئەوەی شاری هەولێر بە تەواوی لە شەڕی ناوخۆ لە دەستپێکی ساڵی 1995 دا کەوتە دەست چەکدارانی [ ی.ن.ک] ، هەر لەوە دەمەدا بوو بزاڤێک دژ بە شەڕی ناوخۆ لە نێو هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیری کوردستان دروست بوو ، ئەم بزاڤە بریتی بوون لە چەند نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندێک ، داخوازیشیان ئەوەبوو شەڕ بەوەستێت و هەردوولا بکەونە گفتوگۆی ئاشتییانە و ڕێک بکەون ، ئەگەر پارتی و یەکێتی داخوازییەکانیان جێ بە جێ نەکەن ، ئەوە ئەوان هەموو تێکرا لەبەر دەمی گۆڕەپانی پارێزگای شاری هەولێر ئاگر لە گیانی خۆیان بەردەدەن و خۆیان دەسوتێنن. هەڵبەتە هەندێک لەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانە لە دڵسۆزییان بۆ دۆزی ڕەوای کورد بەشدارییان لە پرۆسەی خۆسووتاندن کرد.

بەهەرحاڵ لە ئاکامدا کەس خۆی نەسووتاند و پرۆسەی خۆ سووتاندنەکەش بە فەشەلی بە کۆتا هات. دواتر بە ماوەیەکی ئێجگار کەم بۆ بەشدار بووان و کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بە تایبەتی خویا بوو ، کە لەمەشیاندا کێ بە پلەی یەکەم سوودمەند بوو و خەڵکە دڵسۆزەکەش کە دڵیان بە ئایندەی کوردستانەوە بوو بە دلسۆزییەوە لە پرۆسەی خۆ سووتاندنەکەدا ئامادەییان هەبوو. بەڵآم ئەو کەسەی بە فیتی دەزگای زانیاری یەکێتی ئەو هەرایەی لە هەولێری پایەتەختدا دروست کردبوو ، کە هەرووەک هەندێک لە ڕۆشنبیرانی هەولێر لەو باوەڕەدا بوون و بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەو کەسە [50] هەزار دیناری چاپی سویسری لە [ ی.ن.ک] وەرگرتبوو بۆ ئەوەی گرتنی هەولێر لەلایان یەکێتیەوە بە ئاسایی سەرنج بدرێت ، ئەو هەرایەی نابۆوە و بۆ ئەوەی خەڵکی هەولێر و هەموو کوردستان ڕەوشەکەیان بەلاوە سەیر نەبێت و بە ڕەوشێکی سیاسی و سروشتی سەیری بکەن.

ساڵ هات و ساڵ سووڕایەوە هەولێر کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵی پارتی ، هەر ئەو کەسە کە گوایە مامۆستای زانکۆیە لەلای حکومەتی پارتی کەوتە دەرۆزکردن و ئەوەبوو چەند ساڵێک لەمەوبەر[ 300] هەزار دینار چاپی سویسری وەک سەرقفلآنێ بۆ دامەزراندنی ماڵی شەرفخانی بدلیسی پێبرا و لەو دەمەوە هەتا ئێستا ئێستایە ماوە ماوە بە جۆرێک لە جۆرەکان گیرفانی تژی دەکرێت لە پارە لەکن هەردوو زلهێزەکەی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی بەبێ جیاوازی.

بە هەرحاڵ ئەگەر هەنوکە بێت و باس لەو حاڵەتە دزێوانە کە لەلایان کەسانی بەناو ڕۆشنبیر ڕوویان داوە و بەبەردەوامی ڕوودەدەن بکەین ، ئەوە باسەکەمان بە وتارێک و دووان و سێیان و ... هتد ، تەواو نابێت. هەربۆیە بۆ ئەمجارەیان سەربردەیەکی ئێجگار سەیر و سەمەرەتان بۆ دەگێڕمەوە وەک لە هەولێر نەک تەنیا برادەرێک و دووان

بگرە نزیکەی حەوت برادەر بە بیرکردنەوەی جیا دەربارەی ماڵی شەرفخانی بدلیسی بۆیان گێڕامەوە . کە ئەمەش چیرۆکی ئەو سەربردەییە ( چەند ساڵێک لەمەوبەر گرووپی موزیکی کامکاران زوو زوو لە هەولێر و سلێمانی بە نۆرە بانگهێشت دەکران ، جارێک لە جاران لە هەولێری پایەتەخت دەبن و هەروەک بۆیان گێڕامەوە پارەیەکی خەیاڵیان لێ سەرف کردوون . بەش بەحاڵی خۆم پێم خۆشە چەندی کاری لەو جۆرە بەرامبەر گرووپی هونەری وا پرۆفیشنێل بکرێت هێشتا هەر کەمە ، بەڵام نەک سەروەت و سامانی کوردستان بەهەدر بدرێت و بکەوێتە دەست خەڵکانی دەجاڵی بەناو ئەدەبیات و هونەر و ڕۆژنامەوانی ساختەکار.

بەهەر حاڵ لێرەدا باشتروایە چیرۆکەکە بگێڕمەوە ، کە گرووپی کامکاران لە هەولێر دەبن ، بەرپرسی ماڵی شەرفخانی بدلیسی هەوڵدەدات گوایە زۆر بەتەنگ هونەری کوردییەوەیە و دەخوازێت لە خوانێکی کوردەواریدا و لە ماڵی شەرفخانی بدلیسیدا مێوانداریيان لێ بکات . مێوانداری ماڵی شەرفخانی بدلیسی ساز دەبێت و خاوەن ماڵ مەنجەڵێک یاپراخ و ماستاوی هەولێری ساز دەکات و دواتریش ڕێزە چایەک دەخورێتەوە و خوانەکەی ماڵی شەرفخانی بدلیسی لە هەولێر بە کۆتا دێت . ئەوەی جێگەی باسە لەم مێوانداریيەدا چەند نووسەر و هونەرمەندێکی دیکەش بانگهێست کرا بوون ، بە هەرهەمووشیانەوە تەنیا مەنجەڵێک یاپراخی هەولێری سەر و زیادیان بووە. هەرچەند ڕۆژێک بەسەر ئەم مێوانداریيە دا تێدەپەڕێت ، بەرپرسی ماڵی شەرفخانی بدلیسی لە هەولێر، لیستەیەک لە مەسروفاتی مێوانداریيەکەی پێشکەش بەم لایەنە پەیوەندیدارە کە لە هەولێر گرووپی کامکارانی یان بانگهێشتی هەولێر کردبوو دەکات.

ئەوانیش لە وەڵامی لیستەکەی مەسروفاتی بەرپرسی ماڵی شەرفخانی بدلیسی دا دەڵێن:[ برا بۆ ئێمە منەتی تێدا نییە ، ئێمە ئەم هەموو پارە خەیاڵییمان لێ سەرف کردوون ، دەمانتوانی مەنجەڵێک یاپراخی هەولێریشیان دەرخوارد بدەین].

مامۆستای بەناو زانکۆی هەولێر و دەرچووی زانکۆی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپا و بەرپرسی ماڵێکی بەناو کولتووری بەناوی ماڵی شەرفخانی بدلیسی لە هەولێری پایەتەخت لە وەڵامدا دەڵێت :[ ئاخر راستە ئەمن لەو دەعوەتدا تەنیا مەنجەڵێک یاپراخی هەولێری لەگەڵ ماستاو و چام دەرخوارد داون، بەڵام بەخودای 18 هەزار دیناری چاپی سویسریم تێدا سەرف کردووە ].

یەکێکیش لەو سەین و بەینەدا لە نزیکەوە ئاگادار دەبێت و بە شیوەزاری هەولێری دەرێ: [ ماشەڵلاّ لەو عەلامەتەی ئەوە دەبی چ مەنجەڵێکی یاپراخی لەندەهۆر بووە، 18 هەزار دیناری چاپی سویسری تێچووە..؟

هەی کاکی دختۆر ئافەرین لەگەر خۆت و عیلمت لە ئەوروپای لۆت هینایەنەوە .

پەکوو هەتیم لە ئەوروپای چ عیلمێکی عەنتیکە فێر بووی ..!!

دختۆر باژۆ دەشتە ..!!

ئەرێ پێم برێ دختۆر لە ئەوروپاش مەنجەڵیک یاپراخ 18 هەزار دیناری ، بە پارەی ئەوێندەریێ تێدەچێت..؟

ستۆکهۆلم 1.11.2004